# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٢٣) لە ٢٠٢٣/٦/٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لە پێناوی بە دامەزراوەییکردنی پرۆژەکانی بەدیجتاڵکردنی خزمەتگوزاری و چالاکی و داتا و زانیارییەکانی حکومەت و کۆکردنەوەیان لە یەک داتاسەنتەری یەکگرتوو بە پەیڕەوکردنی یەک پێوەر و ستانداردی تەکنەلۆژی و تەکنیکی، و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١١) لە ٢٠٢٣/٦/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە ڕاوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی تایبەتیی هەردوو بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆک وەزیران، لایەنی تەکنیکیی تایبەتمەندن بە جێبەجێکردنی پرۆژەی بە دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزاری و چالاکی و زانیاری و داتا و دۆکیومێنتەکان لە یەک داتاسەنتەری حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی سەرەوە و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو ئەو پرۆژە بەدیجتاڵکردنانەی تاکلایەنە لە ناو وەزارەتەکان ئەنجام دراون لە چوارچێوەی پرۆژەی ناوەندیی حکومەتی هەرێم بۆ بەدیجیتاڵکردن جێ بکەنەوە و بۆ لەمەودواش نابێت سەربەخۆیانە ئەم کارە بکەن.
٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**